# ئەمریکا و تیرۆر

عرفان کریم

کاتێك دەسەلاتدارانی ئەمریکا باس لە (تیرۆر)و (جەنگی تیرۆریزم)دەکەن وە ئەم دوو وشەیە دەکەنە بابەتی بنچینەیی پروپاگەندەی جەنگ وهێرشی میلیتاریزمی یان، وەبۆچەواشەکردنی رای گشتی جیهان لە بەرامبەر نیازە داگیرکاریەکانیان وقودرەت نیشان دانیان لەبەرامبەر هێزە رەقیبە ئابوری وسیاسیەکانیان لەبازاری رەقابەتی سەرمایەداری لە ئەوروپاو یابان وجیهان دا ملکەچ پێ کردنیان بەسیاسەتەکانی ئەمریکاوە، وە کە باس لەوەدەکەن کەجەنگی ئەم جارەیان لەبەرامبەر تیرۆر و تیرۆزمە، ئەوە زۆر بەروونی دەردەکەوێ کەریاکاری و درۆ و بێ رووی سیاسی وەکو چاو چنۆکی سەرمایەدارەکانیان لای دەسەلاتدارانی ئەمریکا چەندە بێ سنورە.

وەبیرهێنانەوەی ژمارەیەك لەتاوانەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر کۆمەلگای بەشەری دا لەماوەی زیاتر لەنیو سەدەی رابووردودا نیشانی دەدا کە زاراوەی (تیرۆرو تیرۆیزم)چۆن وشە گەلێکی کەمن بۆخودی حکومەتی ئەمریکا وناتوانن بەتەنها ئاست ومەودای قەسابکاریەکانی ئەمریکا لەبەرامبەر کۆمەلگای بەشەری دا پر بە پێویست نیشان بدەن.

ئەم سیاسەتی جینۆساید و بۆمباران وجاسوسی و کودەتای سەربازی و ئابلوقەی ئابوری ومیلیتاریزمەی ئەمریکا سنوری بۆنەبووەو گەر بمێنێ کوێرانەو ملهورانە هەمیشەسنورەکان دەبەزێنێ.

بە بۆردومان کردنی هیرۆشیماو ناکازاکی لەهاوینی ١٩٤٥لەیابان بەبۆمبی ئەتۆمی وکوشتنی زیاتر لەنیو ملیۆن مندال وژن وخەلکی بێ گوناە.

بەداگیرکردنی ڤێتنام و کوشتن و زیندانی کردنی هەزاران ڤێتنامی وبۆمباران کردنی جوتیاران ولادێ نیشنەکانی ئەو وولاتە بە بۆمبی ناپالم سوتاندن ووێرانکرنی سەدان لادێ و کێلگە.بەیارمەتی دان وکۆمەکردنی چەتەو مافیاو دیکتاتۆریە سیاسیەکان لەئەمریکای لاتین ئەوە ئەمریکا بوو کە لەسالی ١٩٧٣ لەرێگەی چەند جەنەرالی سەربازی یەو بە کۆمەکی دەزگای جاسوسی موخابەراتی کودەتایەکی سەربازیان لە دژی حکومەتی (ئەلیندی)سازدا کەئازادانە بە هەلبژاردن حکومەتی بەدەستهێنا بوو وەسەرۆك ئەلیندی یان گوللە باران کرد.

بە هاوکاری کردنی بەعسیەکان لەسالی ١٩٦٣ لەکودەتا رەشەکەیاندا لەبەرامبەر عبدالکریم قاسم لەعێراق.بەکۆمەکردن ودامەزراندنی رێکخراوە تیرۆستیە ئیسلامی یەکان لەکۆتای شەست و سەرەتای هەفتاکان لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ بەرگرتن بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی و مۆدێرنیزم لەو ناوچەیەدا.

پشتیوانی نەبراوەی ئەمریکا لە حکومەتە کۆنەپەرست وخێلەکێکانی کەنداوی عەرەب وحکومەتە سەرکوتکەرو سەربازی یەکان لەبابەتی تورکیا و میسر وپاکستان وچەندین وولاتی تر لەجیهان کەپرۆسەی دەیان سالەی سەرکوت وکوشت وکوشتاریان لەبەرامبەر خەلکی ئەم وولاتانە ئەگەر بەبێ کۆمەکی ئەمریکا نەبوایە ئەوا لە مێژبوو ئەم رژێمانە هەلدەپێچرانەوە.

٣٥ سالە ئەمریکا پیشتیوانی سیاسەتی داگیرکەری حکومەتی رەگەزپەرستی ئسرائیل دەکات لەبەرامبەر خەلکی فەلەستین.

ئەمریکا سەرکردایەتیکردنی هێرشی سەربازی بۆ سەر یوغسلافیا و بۆردومانکردنی کوێرانەی شارەکان و کارگەکان و شوێن وژیانی خەلکی بێ گوناە کوژران وئاوارەبونی سەدان هەزار کەس لە ١٩٩٩

هەروەها بە بەرپاکردنی جەنگی کەنداو لە سالی ١٩٩١ کەتێ یدا ٢٥٠ هەزار کەس کوژران لە خەلکی عێراق وە داسەپاندنی ئابلوقەی ئابووری لە سالی ١٩٩٠ وە کە بوەتە هۆی مردنی زیاتر لە ملیۆنێك ئینسان تائێستا لەئەنجامی کەمی خۆراك ونەبوونی داوودەرمان.ئەمریکا دووپاتی سووربونی لەسەر سیاسەتی میلتاریزم جینۆساید و کۆملکوژی ئینسانەکان کردەوە.

ئەم سیاسەتی (تێرۆجینۆجەنگی)ئەمریکایی یە دەبێ رێ ی پێ بگیرێ و لەناو بچێ کومەلگای مەدەنی و ئازادیخواز پێویستە دەنگی ئینسانخوازانەی هەلبرێ و ئەم سیاسەتە دژی بەشەری یە ریسوا بکات.

ئەلمانیا _کۆلن ١٦،٠٩،٠٢



www.kurdistannet.org